کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
9-10-2007 2:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ / ناوەندی چاك
بەڕێزان ئەم کاتەتان باش
" چاك تو بی و خوا پەرت نەبی"

پەیامی کۆمەڵەی کوردی لیدز بۆ چاك!

عەیامێکە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیەن تەنها یەك دەنگ و یەك دەست و یەك هزر و یەك بازوو کورد هەموی لەیەك ئاڵێت و ببنە چقڵی چاوی دوژمن.. سەردەمێکە نەوە لە دوای نەوەی کورد بێزوو بەو ڕۆژەوە دەکەن کە لە سوچێك لە سوچەکانی کوردستانەوە دەنگێك ببیسترێت باکی بە مەرز و سنورە دەست کردەکان نەبێت.. ئەگەرچی لێرە و لەوێ بە درێژایی سەدەی ڕابردوو چەندین هەوڵ و تەقەلای تاکە کەسی و بە کۆمەڵ دراوە بۆ بەدی هێنانی ئەو ئارمانجە وەلێ مەخابن دوژمنانی کورد بە سود وەرگرتن لە ساویلکەیی کورد خۆی هەمیشە لە بۆسەدا بون و ڕێگر بوون لە هاتنەدی ئەو ڕۆژە..

ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەرپابوو بە یەکێك لەو هەوڵانە دابنێین بەو ئاڕاستەیە ئەوا پێکهێنانی ڕێکخراوی چاك دواهەمینیانە کە هەر لەگەڵ دروست بونی چاك ئەو هیوایەی لە دڵی هەمواندا بوژاندەوە و سەلماندی کە دوژمنان بە لە خاچ دانی کوردستان بۆ چوار پارچە و بە ئابلۆقەدانی ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕامیاریانەی ناوچە ئازادەکان هەرگیز ناتوانن بیری سەربەخۆیی و ئازادیی لە مێشکی تاکە هۆشیارەکانی نەتەوەکەماندا بسڕنەوە.

ڕەنگە چالاکیە جۆربەجۆرەکانی ئەم ڕێکخراوە و کارکردنی لەسەر زامەکان و کێشە و ئارێشەکانی هەمو پارچەکانی کوردستانیش بەس بن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانە. وەلێ مەخابن لەگەڵ ئەو ڕاستەیانەشدا وا خەریکە درز و کەلێن دەخزێتە ناو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەوە و بەدەردی چەندین ڕێکخراو و گروپ و کۆمەڵەی تر دەبرێت کە ساڵانێك بێهودە خەریکی بەدی هێنانی هەمان ئامانجەکانی چاك بوون.

لێرەدا و لەم ساتە گرنگەی کە باشوری کوردستان پێیدا تێ دەپەڕێت و بە تایبەتیش لە گەرمەی ڕووداوەکانی دۆزی دادگایی تاوانبارانی ئەنفال و بە جینۆسایدکردنی کورد کە هێشتا ئەنجامەکانی بە تەواوی یەك لایی نەبونەتەوە، ئێمە هاوارتان بۆ دێنین و تکاتان لێ دەکەین کە حەزی دەسەڵات و خۆپەرستی و یەکتر قبوڵ نەکردن ڕێگەتان لێ وێڵ نەکات و نەکەونە داوی دوژمنان و ناحەزانی خودی چاك و گشت نەتەوەکەمان. ئەمڕۆ ئەرکی هەموان دووبارە بنیات نانەوەی تاکی تێك شکاوی کورد و سەرلەنوێ بنیات نانەوەی کۆمەڵگەی کوردیە لەسەر بنەما دیموکراتی و شارستانی و لیبراڵەکان و کاتی دووبەرەکی و لێکتر بێزار بون و جیابونەوە بەسەرچوو. تەنها کارتێك کە ئێستا و لە داهاتودا لەدەستی گەلەکەماندا مابێت یەك بون و یەکترقبوڵ کردن و سازش کردنە لە نێو خۆماندا نەك بۆ دوژمن...

بە ئومێدی هەرچی زوتر یەك بونەوە و ئاشت بونەوە و چاك بونەوەی تەنها ڕێکخراوێکی ئەمڕۆی گەلەکەمان کە تەنها ڕێکخراوی نەتەوەییە هەنوکە لەسەر ئاستی هەرچوار پارچە کاربکات و پەرت بوونی دەبێتە خەمێکی قوڵ لە دڵی هەمواندا.

هیوا بەکر
کۆمەڵەی کوردی لیدز
دوو شەممە ٨ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.